# کورتە ژیاننامەیەکی خۆم

بەندە ناوم موحەمەدیوسفە و ناوی بنەماڵەم ڕەهنموون(ڕێنموون)ە و بە پێی ناسنامەکەم ساڵی لەدایکبوونم ١٩٤٩ی زایینییە لە گوندی "سادەوا" (دالەکەی وەك دالی قادر ئەخوێرێتەوە) کە فارسەکان بە هەڵە "سەعدئاباد"ی پێ‌ئەڵێن و خەڵکی لای خۆمان پێیان‌وایە کە "سادەوا" کورتکراوە و ئاڵوگۆڕکراوی "سەییدئاوا"یە؛ چونکە چەند دانگێکی ئەو گوندە موڵکی بنەماڵەی دایکم (زوبەیدەی کچی سەیید ئەمین) بووە کە لە سەییدەکانی بێلووی مەریوانن و بە ڕەگەز دەچنەوە سەر ساداتی بەرزنجە و وا بەناوبانگە کە ئەوان ئاوەدانیان کردووەتەوە. گوندی سادەوا لە سەر سنووردایە و سەعاتەڕێیەك لە شاری پێنجوێنەوە دوورە.

بابم حاجی مەلا سەعیدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی خوامرادی کوڕی کەریمی کوڕی ڕەسووڵی کوڕی کوڕی مەولانە. بنەماڵەی ئێمە هێندە ئەم‌دیو و ئەودیو و ئەم گوند و ئەو گوندییان کردووە کە بە ڕوونی نازانم خەڵکی کام دیوی کوردستانین. بابم لە ساڵی ١٩٠١ی زایینیدا لە گوندی "بالک"ی مەریوان لەدایك بووە و لە بیارە لە خزمەت ماموٚستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ئیجازەی وەرگرتووە و لە گوندی "شیان" و "مەسۆ" مەلایەتی کردووە و دواتر گواستوویەتەوە بۆ ڕۆژهەڵات و لە گوندی "سادەوا" گیرساوەتەوە و هەر لەوێش لەگەڵ دایکمدا ژیانی هاوبەشیان پێک‌هێناوە و نزیکی پەنجا ساڵ هەر لەوێ ماوەتەوە و کاتی خۆی بە دەرس وتنەوە بە فەقێیان و کاروباری مەلایەتی و لە هەمان کاتدا بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵەوە بەسەربردووە و زۆربەی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی هەر لەم ڕێگەوە دابین کردووە. ماموٚستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە کتێبی "عُلَماؤنا في خِدمَةِ العِلمِ وَالدِّين" ژیاننامەی باوکمی هێناوە و ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە لە ڕێگای ئاژەڵداری و کشتوکاڵەوە خەرجی ژیانی دابین کردووە. پاش شۆڕشی گەلانی ئێران باوکم بە ماڵەوە هاتە پێنجوێن و پاش ساڵێك لە ١٣ی جەمادی دووهەمی ساڵی ١٤٠٠ی کۆچی مانگیدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی گەورەی "حاجی شێخ" بە خاکی پاکی کوردستانمان سپارد. حاجی مەلا سەعید پیاوێکی ئەدەبدۆست بوو و لە زانینی کتێبەکانی سەعدی و حافز و نیزامی و مەسنەویدا کەموێنە بوو و هەروەها بۆ لێکدانەوەی هۆنراوەکانی نالی و مەحوی و مەولەوی نموونە بوو و بۆ خۆیشی هۆنراوەی هەبوو و نازناوی "صابری" بۆ خۆی هەڵبژاردبوو.

منیش هەر لەو کاتەوە کە چاوم بە دونیادا هەڵێناوە و ڕاست و چەپی خۆم ناسیوە دەستم بە خوێندن کردووە و پاش تەواوکردنی قورئانی پیرۆز؛ جگە لە دەرسی ئایینی و خوێندنی سەرەتاکانی سەرف و نەحو لای بابم گولوستان و بوستان و کەلیلەودیمنە و تەئریخی موعەجەم و ئەحمەدی و

نصاب الصِّبيانم خوێندووە و هەمیشە هۆنراوەی هۆنەرانی کوردی وەك قانیع و مەحوی و نالی و مەولەویم لەبەردەستدا بووە و هەر لە منداڵییەوە هۆگری ئەدەب و هۆنراوە بووم و تا ئێستاش وازم لێ نەهێناوە و زۆر جار بە دڵمدا هاتووە کە خۆزگە پاش مەرگ و لە پاشەڕۆژدا هەرچی دیوانە شیعرەکانە لەبەردەستدا بوونایە و لەسەرخۆ و بێ پەلەکردن هەموویانم بخوێندایەتەوە.

بۆ فەقێیەتی ئەم گوندانە گەڕاوم: گوندی مووسکی مەریوان لە خزمەت مامۆستا مەلا زاهید، باشماخ لە خزمەت مامۆستا مەلا موحەمەدی خوداجوو، شانەدەری لە خزمەت مامۆستا مەلا سەیید مەجید، بانیبنۆك لە خزمەت مامۆستا سەییدئەحمەد، بایەوە لە خزمەت مامۆستا مەلا عەبدوڵا، سیاناو لە خزمەت مامۆستا مەلا مەحموود، بەردەڕەشە لە خزمەت مامۆستا مەلا موحەمەدی ناسراو بە مامۆستای ملچەور و لە کۆتاییدا لە کانیسانان لە خزمەت مامۆستای گەورە مامۆستا مەلا موحەمەدئەمیندا خوێندنم کۆتایی پێ هێناوە. شایانی باسە کە لە کتێبی "عەبدوڵایەزدی"یەوە هەتا کۆتایی خوێندنی ئایینیم لە خزمەت ئەم مامۆستا دڵسۆز و میهرەبانەدا خوێندووە. بەکورتی ئەم کتێبانەم لە ژیانی فەقێیەتیمدا خوێندووە: قورئانی پیرۆز، ئیمان و ئیسلام، چلچرای ئیسلام، ئەحمەدی، نِصابُ الصِّبیان، گولوستان، بوستان، کەلیلەودیمنە، تەئریخی موعەجەم لەگەڵ هەندێ وردەکتێبی دیکە. پاشان: تەصریفی زەنجانی، عەوامیلی جورجانی، عەوامیلی بورکەوی، أُنموذَج، صَمَدِیّە، إظهار، تەصریفی مەلا عەلی، کافیة، إستِعارة، وَضع، فەریدەی سیوطي، عەبدوڵا یەزدی، سەبزەواری، تَلخیص، ئاداب، مەقوولات، عەقائیدی مەلا جەلال، جَمعُ الجَوامِع، تَهذیبُ الکَلام، فَتحُ القَریب، بەشی عیباداتی فَتحُ المُعین، برێك لە مینهاج، نامیلکەیەك لە تەجویددا و نیوەوناتەواو هەندێك کتێبی دیکەش.

لە ١٩٧٠ی زایینیدا لە تاقیکردنەوەی پەیمانگەی ئیسلامی هەڵەبجە بەشداریم کرد و بڕوانامەی ئەو پەیمانگایەم وەرگرت و لە نەوەدەکانیشدا لە کۆلێژی ئیلاهییاتی زانکۆی تاراندا بەشداریی تاقیکردنەوەیەکم کرد و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی ئەو کۆلێژەم بەدەست هێناوە. بەکورتی تا ئێستا شەست ساڵ تەمەنم بە خوێندن و خوێندنەوەی کتێبی جۆراوجۆر و پێشنوێژی و دەرس وتنەوە بەسەربردووە و ئێستا ئەزانم کە زانیاری دەریایەکی بەرفراوانە و من هێشتا نەگەشتوومەتە کەنارەکەیشی و مەحوی واتەنی:

لـــە حەفتا تێپەڕیم و حەفتەیەك بۆ دین و بۆ دونیا
بە کاری خۆم و کاری کەس نەهاتم؛ وەی چ بێکارەم!

بۆ مەلایەتیش قاینەجەی شارەزوور و پێنجوێن و سەیدسادق و سلێمانی و سنە و مەریوان گەڕاوم و حیسابم کردووە تا ئەمماڵەی کە ئێستا لە سلێمانی بە کرێ تێیدا نیشتەجێم زیاتر لە چل

کۆچم کردووە و چەند جار لە سەرەتاوە وەك نۆماڵ کەلوپەلی ماڵم پێکەوە ناوەتەوە و هەتا چێشتی مجێوری مامۆستا هەژار و هاڵەکۆکی مام غەنیم نەخوێندبووەوە وام ئەزانی لە هەموو کەس دەربەدەرترم؛ بەڵام نەخێر، بە تۆزی پێی ئەواندا نەگەیشتووم.

سەبارەت بە شاعیر بوون و ئەدەبدۆستیم بێ پەردە و پێچوپەنا بە خوێنەری ئازیز دەڵێم کە ئەگەر شاعیر بوون بریتی بێت لەوەی کە هەر کاتێك بمەوێت و لە هەر بابەتێکەوە کە پێم خۆش بێت شیعری جوان و پڕ لە جوانکاری و لیوانڕێژ لە واتا و مانای بەتام بڵێم، یان هەروا لە خۆوە کانیاوی هەستم بتەقێت و هۆنراوەی ڕەوان لەڕێگەی پێنووسەوە هەڵڕژێنمە سەر ڕووپەڕی کاغەز، من هیچ کام لەمانە نیم...

بەڵام ئەگەر شاعیر بوون بە واتای چێژ بردن لە شیعری جوان و پڕواتا و ڕەوان و خۆش بێت و بەم مانایە بێت کە شیعر ببێتە خۆراکی گیانی مرۆڤ؛ بەڕاستی لەم بوارەدا لەوانەیە کەموێنە بم و هەر شیعرێك بەو زمان و زاراوانەی کە لێیان تێئەگەم، کوردی و فارسی و عەرەبی، لە هەر بوارێکدا (پەسن، داشۆردن، نیشتیمانی، دڵداری، جوانی سروشت و ...) وترابێت؛ چێژ لە هەر هەموویان وەردەگرم و زۆر کات پێیان دەگریم و بڕواتان هەبێت کە جاری وا هەیە تاکە شیعرێك ئەبیسم یان ئەیخوێنمەوە ئەوەندەم پێخۆشە کە ئەگەر لە کاتی دەستەنگیمدا سامانێکی زۆری حەڵاڵی بێمنەتم وەگیر کەوێت هێندە پێی شادمان نابم. ئای چەندە چێژ وەردەگرم کە مەحوی ئەفەرموێت:

بـــرا، فیکری چرا! کیبریتی فورسەت تا لە دەستایە
شەوی یەلدا لە پێشە و ڕۆژی عومرت وەختە ئاوابێ

یان کاتێك مەولەوی ئەفەرموێت:

ڕوخسارش وەختێ مەسقەڵ مەدۆ لێش     بـــە شنۆی پارێـــز خەیاڵ مەبـــۆ ڕێش

یان کە ئەفەرموێت:

ســـــــەروەخت ئەدای ئەمانەتمەن     نەشـــــر ســـــیاهەی خـــەیانەتمەن
پیری حەڵقەسان خەم پەنەم وەردەن     پەی درگای عەدەم ئامادەم کەردەن

یان هۆنەرێکی تر ئەڵێت:

دڵ وەکو کۆتەی قەساب و چاو وەکو جۆگەی دەلێن
وام لـــــە مەیدانی مەراقا ئەسپی غەم وا زین ئەکەم

یان:

لــــەتلــــەتی جەرگم دەلێنی چاوی پڕکردوومەوە
خوێن بە خوڕ نایێ مەگەر جۆماڵی ئەم جۆبارە کەن

یان:

اگـــــر همرنگ رویت لاله‌ای در بیستون روید
بیفشاند چو گرد از دامن خود نقش شیرین را

بەکورتی خۆشترین کاتوساتم خوێندنەوە و بیستنی هۆنراوەی پڕواتایە.

**سلێمانی - گەڕەکی کازیوە**
**٩ی شەعبانی ١٤٣٧ی کۆچی - بەرانبەر بە ٢٠١٦/٥/١٦ی زایینی**
**موحەمەدیوسف سەعید عەبدوڵا (کۆچەر)**